# لێکۆڵینەوە لەبارەی ئەزموونەکانی پەنابەر

سەنتەری نیشتیمانی بۆ لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی (NatCen) هەڵدەستێ بە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەک بۆ تێگەیشتن **ئەزمونی ئەو خەڵکانەی دێنە میرنشینە یەکگرتووەکان (UK) و سیستەمی پەنابەری.**

ئێمە حەز دەکەین قسەت لەگەڵدا بکەین ئەگەر:

- **لە یان دوای مانگی کانوونی دووەم/یەنایەری 2023** داوای مافی پەنابەری کرد لە میرنشینە یەکگرتووەکان UK و یان
- تۆ ڕەوانەکراویت بۆلای **میکانیزمی ڕەوانەکردنی نیشتیمانی لەبارەی ئەگەری بوونت بە قوربانی مامەڵەکردن بە مرۆڤ لە یان دوای مانگی کانوونی دووەم/یەنایەری 2023.**

ئەم لێکۆڵینەوەیە پارەدار دەکرێت لەلایەن **وەزارەتی ناوخۆ (Home Office)**، بەڵام NatCen ڕێکخراوێکی **سەربەخۆیە**. ئەمەش مانای وایە **ئێمە بەشێک نین لە وەزارەتی ناوخۆ** یان حکومەت، و **ئێمە بڕیار دەرناکەین لەسەر ئەوەی کە ئایا خەڵک دەتوانن لە میرنشینە یەکگرتووەکان (UK) بمێننەوە یاخود نا.**

## پێویستە چی بکەم؟

بەشداریکردن پێویستی بە ئەنجامدانی چاوپێکەوتنی لێکۆڵینەوەکە هەیە.

- چاوپێکەوتنەکە ئەنجام دەدرێت لەگەڵ **لێکۆڵەرێکی NatCen** و دەکرێ تاوەکو **60-90 خولەک** بخایەنێت.
- ئەگەر حەز دەکەیت، دەتوانی چاوپێکەوتنەکە **بە زمانێکی جگە لە زمانی ئینگلیزی** ئەنجام بدەیت.
- گفتوگۆکردنەکە دەربارەی **گەشتەکەت بۆ میرنشینە یەکگرتووەکان (UK) دەبێت** وە **چی ڕوویدا** کاتێک گەیشتیت.
- تۆ **بڕی 40£ فۆچەری بازاڕکردن** وەردەگریت وەکو سوپاس بۆ تەرخانکردنی کاتت.
- دەتوانی ئەوە **هەڵبژێریت کە وەڵامی هەر پرسیارێک نەدەیتەوە** کە خۆت ناتەوێت و دەتوانی **داوای سڕینەوەی داتای خۆت بکەیت** بەبێ هیچ هۆکارێک.
- ئەگەر خۆت ناتەوێت، **ئەوا ناچار نیت بەشداری لە لێکۆڵینەوەکە بکەیت.** بەشداریکردن یان بەشدارینەکردن هیچ **کاریگەری نابێت لەسەر کەیسی پەنابەریت.**

## ئایا چ بەسەر ئەو زانیارییە دێت کە بە ئێوەی دەدەم؟

ئێمە پارێزگاری لە زانیاری تۆ دەکەین بەشێوەی **سەلامەت و تایبەت** هەروەکو لە یاسادا هاتووە. ئێمە ڕاپۆرتێک دەنووسین بۆ وەزارەتی ناوخۆ دەربارەی کێشە سەرەکییەکان کە لەلای تۆ و کەسانی تر گفتوگۆی لەبارەوە دەکرێت لە بارودۆخی هاوشێوەدا.

ئێمە **بە هیچ کەسێک ناڵێین**، لەوانە وەزارەتی ناوخۆ، کە کێ بەشداری کردووە یان کەسە بەشداربووەکان چییان گوتووە. ئێمە **هیچ ناو، ژمارەی کەیس یان وردەکارییە دیاریکراوەکان لەم ڕاپۆرتەدا داخڵ ناکەین.**

زانیاری زیاتر دەربارەی چۆنییەتی بەکارهێنان و هەڵگرتنی داتا بەردەستە لە **www.natcen.ac.uk/migrantexperiences/privacynotice**.

## پەیوەندیمان پێوە بکە

ئەگەر **دەتەوێ بەشداری بکەیت** یان **هەر پرسیارێکت هەیە**، تکایە پەیوەندیمان پێوە بکە.

- migrantresearch@natcen.ac.uk
- 0808 168 2791
- www.natcen.ac.uk/migrantexperiences

تەنیا ژمارەیەکی سنووورداری شوێن لەم لێکۆڵینەوەیە بەردەستە. ئەمەش مانای وایە کە **دەکرێ نەتوانین چاوپێکەوتن لەگەڵ هەموو کەسێکدا بکەین کە دەیانەوێت بەشداری بکەن.**

ئێمە هەروەها دەتوانین لاپەڕەی زانیاریت پێبدەین.